# کوردو رێکخستنەوەی سوپای عێراق

15-06-2020


### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو



**کورتە** : لە رۆژانی رابردوودا حکومەتی عێراق فەریق روکن عەبدولئەمیر رەشید یارەڵڵای لە شوێنی عوسمان غانمی وەك سەرۆکی ئەرکانی سوپا راسپارد. ئەمەش جارێکی دیکە سەرنج بۆ سەر پێشێلکردنی رێکارە دەستوورییەکانی دیاریکردنی فەرماندەکانی سوپا رادەکێشێت کە لە عێراقدا خەریکە دەبێتە باو.

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو|

**دەستپێک**

لە ڕۆژانی رابردوودا حکومەتی عێراق فەریق روکن عەبدولئەمیر رەشید یارەڵڵای لە شوێنی عوسمان غانمی وەك سەرۆکی ئەرکانی سوپا راسپارد. ئەمەش جارێکی دیکە سەرنج بۆ سەر پێشێلکردنی رێکارە دەستوورییەکانی دیاریکردنی فەرماندەکانی سوپا رادەکێشێت کە لە عێراقدا خەریکە دەبێتە باو.

لەدوای 2005 و نوسینەوەی دەستوور، لەچەند قۆناغێکی جیاوازدا، فەرماندە سەربازییەکان لەدەرەوەی بنەما دەستورییەکان دامەزرێنراون و لە جیاتی رێکارە دەستوورییەکان بە وەکالەت دانراون و ئەمەش زیاتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی بووە کە دەتوانێت مەترسی بۆسەر سیستەم و ئەو بەهایانەی درووستبکات کە عێراقی دوای 2003ی لەسەر بنیات نراوە. سوپا گرنگترین کۆڵەکەی دەوڵەتە بۆ مانەوە و ئامڕازی بەرگریکردنە لەبەها باڵاکانی دەوڵەت، هەربۆیە، زۆربەی دەوڵەتان بێجگە لەوانەی تۆتالیتار و دیکتاتۆرین، هەوڵدەدەن سوپا لە هەموو ململانێیەکی نێوخۆیی بەدوور بگرن. ئەم پرەنسیپە وەك تێکست لە باڵاترین یاسای دەوڵەتدا کە دەستوورە جێی بۆکراوەتەوە بەلام، لەڕووی کردارییەوە زۆرجار، سوپا بۆ ئامانجی سیاسی و یەکلاکردنەوەی ململانێی سیاسی بەکارهاتووە.

**یەکەم: هەڵویستی دەستووری عێراقی**

بە پێی برگەی پێنجەم لە مادەی (61) دەستووری فیدرالی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بریتیە لە رەزامەندی دەربرین لەسەر دامەزراندنی فەرماندەکانی سوپا لەوانە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و یاریدەدەرەکانی و فەرماندەی فیرقەکان بەسەرەوە و سەرۆکی دامەزراوەی هەواڵگری ئەویش لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران. بەڵام لەدوای 2006وە تا ئێستا تەواوی فەرماندە سەربازییەکان کە دەستور دیاری کردوە رەزامەندنی پەرلەمانیان بۆ وەرنەگیراوە و زۆربەی پۆستەکانی وەزارەتی بەرگری عێراق جگە لە وەزیر، بە وەکالەت بەڕێوەبراون و لە جیاتی رێکارە دەستوورییەکان، لەڕێی"دانان بە وەکالەت" کە بە واتایەك پشتگوێخستنی پەرلەمانە دانراون. هۆکاری ئەم بابەتەش بۆ ئەو تێڕوانینە تۆتالیتاریە دەگەڕێتەوە کە دەیەوێ هەمیشە سوپا وەك ئامڕازێکی سیاسی بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێکان بەکاربهێنرێت.عەڕابی ئەم بیرو تێڕوانینە نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی پێشوتری عێراق بوو. سەرباری ئەوەی کە رەزامەندنی پەرلەمان لەرووی دەستووریەوە بەندە بە رەچاوکردنی مادەی (9)ی دەستور کە جەخت لە هاوسەنگی ونوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی لەناو سوپا دەکاتەوە کە دەبێتە رێگری لە سەرۆکوەزیران لەوەی کە بە خراپی سوپا بەکار بێنیت، هەمیشە سەرۆکوەزیرەکانی عێراق خۆیان لە دامەزراندنی فەرماندەکانی سوپا بە شێوەیەکی فەرمی لەڕێگەی پەرلەمانەوە بەدوورگرتوە. سەرۆکوەزیرانی ئیستای عێراق چوارسال سەرۆکی دامەزراوەی هەواڵگری بوو بێ ئەوەی رەزامەندنی پەرلەمانی لەسەر بێت ئەمانە هەمووی سەرپێچیە بۆ دەستوری عێراق و دەبێت کۆتایی بە دامەزراندنی فەرماندەکانی سوپا بە شێوەی وەکالەت بێت و پێوستە ئەندامانی ئەنجومەنی نوینەران ئەو سەرپێچییەی سەرۆکوەزیرەکان بۆ دەستوور راست بکەنەوە، بەتایبەت کە ئێستا دەرفەتێکی لەبار بۆ چاکسازی و رێکخستنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت هاتۆتە گۆڕێ.

**دووەم: کورد وچۆنیەتی ڕێکخستنەوەی یەکە سەربازییەکان**

عێراق پێش هاتن و دەستبەسەراگرتنی نیوەی خاکی لەلایەن داعشەوە خاوەنی 21 فیرقەی سەربازی بوو. تاڕادەیەکی کەم کورد و پێکهاتەکانی دیکە پێگەیەکیان تێدا هەبوو. لەنێو ئەو 21 فیرقەیەدا، 2 لەفەرماندەی فیرقەکان لە نەتەوەی کورد بوون، جگە لەوەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و دامەزراوەی هەواڵگری و ئەمنی نهێنی وەزارەتی بەرگریش کوردبوون بەڵام ئێستا، پێگەی کورد لە سوپادا تەواو لاوازە. بەجۆرێك ئیستا لەکۆی 21 فەرماندەی فیرقە لە سوپادا یەك کوردی تێدایە کە فەرماندەی فیرقەی (20)ە لەنەینەوا سەرباری ئەوەش لەکۆی (7) فەرماندەیی ئۆپەراسیۆن لە عیراقدا هیچ یەکێکیان کورد نین لە(80) لیوا لەناو فەرماندەی فیرقەکاندا تەنها پێنجیان کوردن لەناو فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکاندا تەنها یەك کورد پۆستی فەرماندەی فەوجی هەیە لە فەرماندەی ئۆپەراسیونەکانی نەینەواوەهەرچیش تایبەت بێت بە ناو دیوانی وەزارەتی بەرگری ئەوە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکان بۆ مەشق و ڕاهێنان لەنەتەوەی کوردە وەهەروەها بەرێوەبەری هەواڵگری وئاسایشی سەربازی لەناو وەزارەتی بەرگریش بەپلەی لیوا کوردە، تەواوی پۆستەکانی کورد لەسوپادا بریتی بوون لەمانە هەمووشیان بەوەکالەت دانراون کە دەکاتە ریژەی 2% کەمتر.ئەمە لەکاتیکدا لەسەرەتای

دروستکردنەوەی سوپادا کورد پێگەیەکی باشی تێدا هەبوو زۆر پۆستی هەستیار وگرنگ بەدەستی کوردەوە بوو بەڵام (حەیدەر عەبادی) سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق ئەو پۆستانەی بەفەرماندەی عەرەبی شیعە پرکردەوە و پێکهاتەی کوردی لێ دوورخستەوە.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی سوپا مەسەلەی دەمەزراندنی فەرماندەی ئۆپەراسیونە سەربازییەکانە کە بۆ یەکەمجار (نوری مالکی) سەرۆکوەزیرانی پێشووتر دەستیپێکرد، ئەویش لەپێناو دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی مەدەنی پارێزگاکان، فەرماندەیی ئۆپەراسیونەکانی بە شێوەی سەربەخۆ درووستکرد وەك فەرماندەیی ئۆپەراسیونی( دیجلە) و لە چوارچێوەی هەر پارێزگایەکیشدا فەرماندەی ئۆپەراسیونی دروست کرد، ئەمە دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی نامۆو نایاسایی و نادەستووری بوو بۆ پێکهاتەی سوپا ودەرفەتی زیاتری بۆ رەخساند تا بەتەواوی دەست بەسەر پارێزگاکاندا بگرێت و دەسەڵاتی مەدەنیش تا رادەیەك لە ئیدارەی شارەکان وەربگرێتەوە. لەسەردەمی (حەیدەر عەبادی)دا کۆمەڵێ فەرماندەی ئۆپەراسیونی دیکەش دامەزران و ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە شێوازی رێکخستنی یەکە سەربازییەکانی سوپا تەواو نادەستوورییە. بۆنموونە فەرماندەی ئۆپەراسیونەکانی کەرکووك دەسەڵاتی ئەمنی تەواوی پارێزگاکەی لایە و پارێزگار کە سەرۆکی لیژنەی ئەمنیە هیچ دەسەڵاتێکی نیە بەسەر ئەو کارانەی کە سوپا دەیکات. فەرماندەی ئۆپەراسیونەکانی سەلاحەدین تەواوی پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکانی لە بەڕێوەبردنی پلانی ئەمنی شارەکەدا بێ دەسەڵات کردووە، بۆیە دەبێت ئەم بارە سەربازییەی کە بەئامانجی لەباربردنی دەسەڵاتی مەدەنی شارەکان درووست بووە کۆتایی پێبێت و سوپا لەسەر دیسپلینێکی سەربازی ستاندار رێك بخرێتەوە و هەموو فەرماندەکانیش بە فەرمی لەڕێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دابمەزرێن وەك چۆن دەستوور دایناوە.

**ئەنجام**

ئەگەر سوپای عێراق لەسەر بنەمای دیسپلینێکی سەربازی ستاندارد رێکنەخرێتەوە و لە ململانێ سیاسییە نێوخۆییەکان بەدوور نەگیرێت وەرەچاوی بەشداری پێکهاتەکان لە رێکخستنی سوپادا نەکرێت و هەموو فەرماندە باڵاکان ملکەچی چاودێری پەرلەمان نەبن و بەشێوەیکی فەرمی دانەمەزرێن و نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتەکانی وڵاتی تیدا نەبێت وەك ئەوەی مادەی (9) ی دەستوور جەختی لەسەر دەکاتەوە، دوورنیە ببێتە وە بە ئامرازی سەرکوتکردنی سیاسی و لەململانێکدا بەکار بهێنرێت کە ئەمەش ماڵوێرانی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و عێراق وەك دەوڵەت لە لێواری کەوتنێکی حەتمی نزیك دەکاتەوە.